# جەنگی(ئەمریکا و ئیران) یان جەنگی ئێمە؟!

سەلام عەبدوڵڵا

دەنگی دەهۆڵی جەنگاوەران نزیکتر دەبێ و توندتر لێدەدەن، تا لە ئێستاوە، نووستوەکان بێدارکەن و گوێی دانیشتوانی زەمین، بۆ دەنگی بۆمبا و زنجیری تانکەکانیان باشتر لە جاران ڕابهێنن. کاتێ دوابەدوای هەواڵ و بچوونەکانی دەسەڵاتدارانی جیهان دەکەوین، دەبینین بە بەرگی مەدەنییانە و ڕوخسارێکی دۆستانەوە، باس لە دوا پرۆژەی کوشتنی بەکۆمەڵ دەکەن: گۆڕەپانی داهاتووی ئەمجارەیان ، ئیرانە. ئەوە 26ساڵە لە ئیران حکومەتێکی تیوکراتی درندە بە ئاگرو ئاسن حوکمرانی دەکا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ سەرلەنوێ گەرمکردنەوەی بازاڕی چەکسازی بۆ پاراستنی مقدەساتی بازاڕی سیستێمە"نەمرەکەیان"، بە هەمان زەمانی ئاگرو ئاسن دەیانەوێ ستراتیژی شەرکەتە باننـاسیونالەکانی خۆیان دەست بەسەر سەرچاوە نەوتی و گازەکانی ناوچەکان ڕابگرن. بەرژەوەندی چین و گەلانی ژێردەستی ئیرانیش نە لەگەڵ ئاخوندەکان و نە لەگەڵ حکومەتی شەرکەتەکانی ئەمریکا یەکدەگرنەوە. بوش لە ڕۆژی سویندخواردنە یاساییەکەیدا ڕایگەیاند(خودا بە ویستی خۆی دەمانجوڵێنێ و بڕیارمان لەسەر دەدا)؛ ئاخوندەیەکی ئیرانیش، وەکو بوش، لە بری هەموو ئاخوندەکان، دەڵێ(ئەم جەنگە ئیرادەی خودایە، بۆیە مردنتان، شەهادەتە ودەرگاکانی بەهەشت بۆ ئێوە لە سەر پشتە)! "خواوەندە"کەیان ئەوەندە بێدەسەڵات و گەمژە و بێ ئەقڵە و بێ ئیرادەیە، بەبێ ئەوەی هیچ پرسیارێك بکا، خوێری خوێری لەکەڵ"دەستکردەکانی خۆی" بۆ ماڵوێرانی و کۆمەڵکوژی دەکەوێتە ڕێ، بەڵام لە دواییدا، ئاستی پەرەسەندی چەك و تەقەمەنی بڕیار لەسەر سەرکەوتن و ژێرکەوتن دەدا! لە دەسپێکی سەدەی بیست ویەکەمدا، دانیشتوانی ئیران و ئەمریکا، پێویستیان بە دابینکردنی پێداویستە سەرەتاییەکانی ژیانە لە سایەی ئاشتی و خۆشگوزەرانییەکی باشتر و هیچ لایەنێکیان پێویستیان بە بەرنامەی ئەتۆمی، داگیرکردن و جەنگ و ماڵوێرانی نییە؛ هیچ پێویستیان بە پەتای بەفراوانی بێکاری، سڕینەوەی بیمە کۆمەڵایەتییەکان، لانەوازی، کوشتن و زەتکردنی ژنان و منداڵان و پۆرنۆگرافی ئەمریکی و ئیسلامی نییە.




گەرچی(دان بارتید)موستەشار بوش لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ(CNN)لەبارەی ووتارەکەی هیرش لە گۆڤاری نیویۆرگ، گوتی:( بۆچوونەکەی-هیرش-زۆر وردبینانە نییە)، بەڵام دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بڕیاری نهێنی ئەمریکی بۆ جەنگ لە دژی ئیران ڕۆشنتر دەبێ. هەواڵەکانی ڕۆژنامە ئەڵمانییەکان وای ڕادەگەیەنن کە(بۆ نموونە)، کۆنزێرنی نەوتی بریتانی(BP)، لە بەر هەڵویستی ئەمریکا، خۆی لە ئیران دووردەخاتەوە. بەرپرسی ئەنجومەنی ئەم شەرکەتە(لۆرد جۆن براونە) لە گفتوگۆیەکدا لە گەڵ(سەنەدای تایمزی)لەندەنی گوتی: (لەم کاتەدا بۆ شەرکەتەکەمان، باش نییە، بازرگانی لە گەڵ ئیران بکا.....ئەگەر ئێمە لەم چرکەساتەدا، بازرگانی لەگەڵ ئیران بکەین، بێزاری لە ئایالاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەوروژێنێ، بۆیە بەرژەوەندی شەرکەتەکەمان لەوەدا نییە، ئەم بازرگانییە بکەین). لە وەڵامی ئەم هەڵویستە، وەزیری نەوتی ئیران(بیدشان نامدار سنجانی)، گوتی: (ئەمە کارێکی نادۆستانەیەو بە ئاسانی لەبیرناکرێ). بەڵام لەم مەیانەدا مرۆڤ پرسیار دەکات: (بۆچی خودی شەرکەتی خزمەتگوزاری نەوتی ئەمریکی- Halliburton – هێشتا لە ئیران کاردەکا؟



ئەمریکا لە ئێستاوە بڕیاری داوە، سزای ئەو شەرکەتانە بدا کە سەرمایەگوزاری لە ئیران دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، چەندین شەرکەتی نەوتی ئۆروپایی، ژاپۆنی، هیندی و چینی لە ئیران بازرگانی و کار دەکەن و هەڵویستێکی تریان هەیە، بۆ نموونە،

شەرکەتی(Royal Dutch/Shell) و(Total) هەر بەردەوامن لە کارەکانیان و هۆیەك نابینن بۆ ئەوەی لەبەر خاترجەمی ئەمریکا، کۆتایی بە کار و بازرگانییەکانیان بهێنن لە ئێران.

قسەکەرێکی شەرکەتی(شیل)بە ڕۆژنامەی(هاندل بلات)ی ئەلمانی گوتی: (ئێمە بڕوامان بە ماوەدرێژی هێزی بازرگانی ئەوێ هەیە...). گێرهارد شرویدە(سەرۆك وەزیرانی ئەلمانیا) لە پێشوازیکردنی لە فراکتسیونی پەرلەمێنتاری حیزبەکەی، لەبارەی کێشەی ئەمریکا–ئێران، گوتی: (بە تێگەیشتنی ئێمە، نابێ بگاتە دەستێوەردانێکی سەربازییانە... هیچ کەس پێویستی بە گرفتێکی نوێ نییە).

ئەمە مانای ئەوە نییە، ئەلمانیا، بەرەی ئاشتیخوازانە، بەڵکو زیاتر، بەرپاکردنی ئەم جەنگە، کارتێکردنی زۆر خراپی دەبێ لەسەر ئابووری ئەلمانیا؛ پەیوەندی ئابووری، سیاسی و سەربازیان زۆر بەهێزە؛ لە هەردوو وەڵاتدا، ئەنتی ئەمریکانیزم ڕیشەی داکوتاوە، _گاڵتە نییە، لە ئاستی زانکۆکانی ئێران بایەخێکی زۆر دەدرێ بە هایدەگەر، فەیلەسوفی فاشیست و نیتشە، فەیلەسوفی ڕەگەزپەرەستی و تاوانی دژ بە کۆمونەی پاریس!–



لە ئاستی سیاسەتی بەریتانی، سەرۆك وەزیران(بلێر)و وەزیری دەرەوە(ستراو) لەبەرامبەر(سەندای تایمز)دا، دووپاتی بۆچوونی ئەندامێکی پەرلەمان دەکەنەوە بە بێ ئەوەی ناوی بهێنن، کە بەریتانیا لە(شریخەی شمشێرکێشانی ئەمریکی یەکدەنگ نابێ، تا ئێران ناچاربکەن، ئەرکە جیهانییەکانی بپارێزێ). هەروا بە ڕوونی گوتویانە کە بریتانیا لە جەنگی دووهەمی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بەشداری ناکا و هەوڵ دەدەن شانبەشانی ئەلمانیا و فەرەنسا هەوڵدەدەن بۆ((باشترین بەرژەوەندی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی بپارێزن))، و چارەسەرێکی دیپلۆماسی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە .

خوسێ مانوێل باراسۆ(سەرۆکی کۆمسیونی یەکێتی ئۆروپا) لە گفتوگۆیەدا لەگەل گۆڤاری(دێر شبیگل)ی ئەلمانی، گوتی: (ڕووبەڕووبوونەوە جیهانییەکان پێویستی بە پێکەوەکارکردنی توندی ئۆروپا–ئەمریکایە....لە ئۆروپا و ئەمریکا ئەو هیوایە هەیە، جیاوازییەکان وەلابنرێن و بەسەر لێکترازانێگی گەورە، بپڕنەوە کە لەناو یەکێتی ئۆروپاشدا هەبوو) و لە بارەی گفتوگۆیەکانی یەکێتی ئۆروپا لەگەل ئێران گوتی: (ڕێکەوتنی بازرگانی و پێکەوەکارکردنێکی باشتر، بە جێبەجێکردنی بەرامبەری ئەرکەکانە ئێرانە لە بوارەکانی ترەوە بەندە....دەبێ بۆ ئێران باش بزانێ بێ کە دەبێ ئەرکەکانی ئەنجام بدا...)

هێشتا کەس ناوی یەکەم قوربانی جەنگی داهاتووی ئێران–ئەمریکا، نازانێ، ڕەنگە کرێکارێك بێ، هەڕەشەی بێکاری لێکرابێ، لەوانەیە، جووتیارێکی ئازەرەی بێ، لەو کاتە گۆرانییەکانی(کۆرئۆغلو) ئەچڕێ، بۆمبی دیموکراسی، بێ دەنگی دەکا؛ لەوانەیشە منداڵێکی چاوڕەشی ئەحوزای بێ لە کاتی یاریکردن خەڵتانی خوێن بکرێ وقاچێکی لەدەست بدا، ڕەنگە ژنە مامۆستایەك بێ یا پیرەمێردێکی ئەسفەهانی؛ قوربانییەکە هەر کێیەك بێ، لە دواییدا، کەسێکە، لە دەرەوەی ئەم گەمە خوێناوییەیە؛ لە دەرەوەی ویست و ئارەزووی، هەر وەك چۆن بڕیار لەسەر ئاستی بژێوی، درامەت و شێوەی ژیانی دەدرێ، ئاوا بڕیار لە سەر مافی ژیان و نەمانی دەدرێ.

بەگشتی، دەسەڵاتدارەکان بڕیاریان داوە، سەرتاپای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بکەن بە گۆڕەپانی جەنگێکی خوێناوی، هیچ دووریش نییە کار بگاتە ئەوەی بۆمبی ئەتۆمیش بەکارهێنن.

ئەوە چین و گەلانی ژێردەستەی ئێرانە بەرپرسیارن لەبەرامبەر ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان، نەك ئەو هێزە دەرەکییان کە لە پێناو چاوچنۆکی خۆیان، "جەنگی بەردەوام"یان ڕاگەیاندووە! ئەم جەنگە واتە، پەك خستنی ئیرادەو ویستی تاکی ژێردەست و پێشێلکردنی هوشیارییە کۆمەڵایەتییەکەی بە زەبری چەك! خەڵکی ئێران خاوەن ڕاپەڕینی جۆراوجۆرە و بە دڵنیاییەوە، ئەمرۆ یان سبەی، شۆڕشی خۆی لە دژی ئایەتوڵاکان بەرپا دەکا. لە ئاستی مەترسی جەنگی داهاتووی ئێران–ئەمریکا، لە ئێستاوە، دەنگی: بمرێ جەنگی سەرمایە و سەرمایەداران، بمرێ بێکاری، ژێردەستەیی ژنان و لانەوازی، بەرزبۆتەوە!

پرسیاری ئەمڕۆ ئەوە، ئایا کۆمەڵگەی جیهانی، ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ، سەندیکا کرێکارییەکان، حیزبە کۆمونیست و چەپ و هێزە پێشکەوتوخوازو شۆڕشگێڕەکانی ئەمریکا و ئیران و گەلانی ژێردەست، دەتوانن ڕێگە لە دەسەلات و بەرنامەکانی کۆنزەرڤاتیف و لیبراڵ و ئاینییەکانی ئەمریکا و ئیران بگرن یا نا؟ چی بکرێ لە بەرژەوەندی ژێردەستەکان؟ تواناکان چین و چەند دەکرێ بەگڕ بخرێن؟ دەبێ هەڵبژێرین: سیستێم و دەسەلاتی بێکارکردنی بە کۆمەڵ و جەنگ و تاون، یان دامەزراندنی جیهانێکی تر!




سەرچاوەکان: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ڕوندشاو، لە 24. 1؛ ڕۆژنامەی زویددۆیشتە تسایتونگ لە 18.1؛ شپیگل ئۆنلاین لە23و 24. 1؛ گۆڤاری شپیگل لە 22. 1